

ئێدیت سوێدەرگران

# سبەینێ چییە؟

لە سویدییەوە: خەبات عارف







## سبەینێ چییە؟ ڕەنگە تۆ نا

ڕەنگە ئامێزێکی تر و پەیوەندییەکی نوێ و ئازارێکی هاوشێوە
بە دڵنیاییەکەوە کە لە هیچ دڵنیاییەکی تر ناچێت بە جێت دەهێڵم
وەک پاژێک لە ئازارەکەی خۆت دەگەڕێمەوە
لە ئاسمانێکی ترەوە و بە بڕیارێکی نوێوە دێم بۆ لات
لە ئەستێرەیەکی ترەوە و بە هەمان نیگاوە دێم بۆ لات
بە تاسەکەی ئەوسامەوە، کە ڕەنگوڕوویەکی نوێی گرتووە، دێم بۆ لات
سەیر و سەرسووڕهێن دێم بۆ لات، تووڕە و بەئەمەک
بە شوێنپێی ئاژەڵێکی دڕندەی نێو بیابانستانە دوورەکەی دڵتەوە
تۆیش سەرسەخت و بێدەستەڵات دەبێت دژی من بجەنگیت
ڕێک وەک ئەوەی کەسێک لە دژی چارەنووسی خۆی
دژی خۆشبەختیی خۆی و دژی ئەستێرەکەی خۆی دەجەنگێت
دەخەنم و تاڵی ئاوریشمین لە دەوری پەنجەم دەبەستم و
شلیلە بچکۆلەکەی چارەنووسیشت
لە توێی کراسەکەمدا دەشارمەوە
(1916)

## خوشکەکانمان بە جلی ئاڵوواڵاوە دەگەڕێن

خوشکەکانمان بە جلی ئاڵوواڵاوە دەگەڕێن
لەگوێ ئاوەکە وەستاون و گۆرانیی دەڵێن خوشکەکانمان
لەسەر بەردان دادەنیشن و چاوەڕێن خوشکەکانمان
لەنێو سەبەتەکانیاندا ئاو و هەوایان هەیە و
پێیان دەڵێن گوڵ



بەڵام من، باوەش بە خاچێکدا دەکەم و دەگریم

من، جارێک لە جاران، وەک گەڵایەکی سەوزی کاڵ

ناسک بووم و بەرز بەو ئاسمانە شینەوە هەڵواسرابووم

هەر ئەوسایش دوو شمشێر لەناخمدا بەر بوونە یەک و

براوەیەک، بردمی بۆ لێوەکانی خۆی

ڕەقیی ئەو، هێندە ناسک بوو نەیشکاندم

ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بە لاتەوێڵمەوە هەڵواسی و

چاو پڕ فرمێسک و بەدەم لەرزەوە بە جێی هێشتم

لە دوورگەیەک کە ناوی زستانە

## نۆکتیورن

ئێوارەیەکی بەر تریفەی مانگەشەو: زیوینی کاڵ

زەریای شینی شەو

شەپۆلی بەزریوەی لەژماردننەهاتووی

دوای یەکتر کەوتوو

سێبەران بەسەر ڕێگەکەوەن

دەوەنەکانی سەر کەنارەکە هێواش دەگرین

دێوە ڕەشەکان پاسی زیوی کەنارەکە دەکەن

بێدەنگییەک؛ قووڵ لە نێوەڕاستی هاوینەکەدا

خەو و خەون

مانگ بەسەر زەریاکەوە

سپی و بەسۆز دەخزێت

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

نۆکتیورن NOCTURNE: بە مانای ئاوازی شەوانە دێت و سەرچاوەکەی وشەی ‹›نۆکتیورنوس‹›ی لاتینییە. بریتییە لە برگەئاوازی لەسەرخۆ و ڕۆمانتیک و ئاهەنگی خۆشئاوازە تێیدا باڵادەستە و زۆربەی کات برگەکان کورتن. جۆن فیلْد؛ یەکەمین کەس بووە کە ئەم شێوازەی بەکارهێناوە بەڵام؛ فرێدریک شۆپان نۆکتیورنی بۆ پیانۆ گەشە پێ داوە و چەندین ئاوازی پێ نووسیوە. بەنێووبانگترینیان Op.٩,No.٢ Ess-dur io.







## ڕۆژ فێنك دەبێت.

1

دەمەوئێوارە ڕۆژ فێنک دەبێت...

گەرما لەنێو دەستی مندا بخۆرەوە

دەستم هەمان خوێنی بەهاری هەیە

دەستم بگرە، قۆڵە سپییەکەم بگرە

حەزی شانە باریکەکانم بگرە...

چ سەیر دەبێت ئەگەر، تەنیا یەک شەو

شەوێکی وەک ئەمشەو

هەست بە سەرە قورسەکەت

لەسەر سنگم

بکەم

2

تۆ سوورگوڵی ئەوینی خۆت

فڕێ دایە نێو کۆشی سپیمەوە

من بە دەستە گەرمەکانی خۆم



توند گوڵی سووری ئەوینی تۆم گرتووە

کە خەریکە سیس دەبێت

ئاهـ ئەی فەرمانڕەوای دڵڕەق

ئەو تاجەی بۆم درێژ دەکەیت، لێت وەردەگرم

ئەو تاجەی سەرم بەرەو دڵم نەوی دەکات

## 3

من، بۆ یەکەمین جار، سەروەری خۆمم ئەمڕۆ بینی

بەدەم لەرزینەوە، یەکسەر ناسیمەوە

چاک هەست بە دەستە قورسەکەی دەکەم ئێستا

لەسەر قۆڵی سووکم

کوا پێکەنینی کچانەی پڕئاوازی من

ئازادیی ژنانەم بە سەرێکی بڵندەوە؟

چاک هەست بە باوەشی توندی دەکەم ئێستا

لە دەوری لەشی لەرزۆکم

دەنگی ڕەقی واقع دەبیستم من ئێستا

بەرەو خەونە شکستۆکەکانم

## 4

بۆ گوڵێک گەڕایت و

بەرێکت دۆزییەوە

لە کانیاوێک گەڕایت و

زەریایەکت دۆزییەوە

بۆ ژنێک گەڕایت و

ڕۆحێکت دۆزییەوە

تۆ نائومێدیت

## ئەو خاکەی کە نییە



تاسەی ئەو خاکە دەکەم من کە نییە

چون گشت ئەو شتانەی هەن، ماندووم ئارەزوویان بکەم

مانگ بە پیتی زیوین بۆم دەگێڕێتەوە*

لەبارەی ئەو خاکەوە کە نییە

ئەو خاکەی، گشت خواستەکانمان لەوێ دڵنشین بە دی دێن

ئەو خاکەی، گشت زنجیرەکانمان لەوێ دەپسێن

ئەو خاکەی، لەوێ نێوچاوانی بریندارمان فێنک دەکەینەوە

لە شەونمی مانگدا

ژیانم سەرگەردانییەکی بەتین بوو

بەڵام یەک شتم دۆزیەوە من و یەک شتم بەڕاستی بردەوە

ڕێگەی بەرەو ئەو خاکەی کە نییە

لەو خاکەدا کە نییە

خۆشەویستەکەم لەوێ بە تاجێکی درەوشاوەوە دەگەڕێت

خۆشەویستەکەم کێیە؟ شەو تاریک و

ئەستێرەکان لە وەڵامدانەوەی دەلەرزن

خۆشەویستەکەم کێیە؟ ناوی چییە ئەو؟

ئاسمانان کەوانەیی باڵاتر و باڵاتر دەبنەوە

منداڵێکیش لەنێو تەمومژی بێسنووردا دەخنکێت و

شیعر

هیچ وەڵامێک نازانێت

بەڵام منداڵێک لە دڵنیایی زیاتر شتێکی تر نییە

دەستەکانی لە گشت ئاسمانان بەرزتر هەڵدەبڕێت

وەڵامێکیش دێت: من ئەوەم

تۆ خۆشت دەوێم و بۆ هەمیشە دەبێت خۆشت بووێم

*سوێدەرگران، لێرەدا، وشەی ڕونور (runor)ی بەکارهێناوە. ڕونور، پیتگەلێک بووە کە تیرە و گەلانی جەرمانیی باکووری ئەوروپا و ئەسکەندناڤیا، لە چەرخی یەکەمینی دوای لەدایکبوونی عیسای مەسیحەوە تا ئەوسای کە لەنێوان چەرخی پانزدەیەمین و سیانزدەیەمیندا گۆڕیویانن بە پیتیی لاتینی، بە کاریان هێناون. من تەنیا پیتم لەبریی بەکارهێناوە.

## خانووە کۆنەکە

چاوی نوێ ڕۆژگاری کۆن چۆن دەبینن

وەک ئەو بیانییانەی دڵیان بۆ هیچ ناسووتێن

من بیرم لای گۆڕە کۆنەکانمە و تاسەیان دەکەم

گەورەیی خەمگینی من، فرمێسکی تاڵ دەگرییێت و

کەس نایانبینن

لە دڵنشینیی ڕۆژە کۆنەکانمدا دەژیم من

لەنێو ئەو بیانییانەدا کە شارانی نوێ دروست دەکەن

لەسەر ئەو گردە شینانەی تا کەنارەی ئاسمان هەڵکشاون

هێواش لەگەڵ درەختە بەنیدکراوەکاندا دەدوێم من و

جارنا دڵیان دەدەمەوە

کات چەند هێواش لە بوونی شتان دەخوات و
بێدەنگ پێ بە پاژنەی ڕەقی چارەنووسدا دەنێت
دەبێت چاوەڕێی مەرگە دلۆڤانەکە بم من
ئەو مەرگەی ئازادی بۆ ڕۆحم دەهێنێت!

سەرچاوە: کۆشیعری ئێدیت سوێدەرگران، ڕێکخستن و ئامادەکردن: گوننار تیدەستریۆم، پێشەکی: هاگار ئولسۆن. چاپ و بڵاوکردنەوە: ڤالستریۆم و ڤیندستراند.



